# دوای بیستو هەشت ساڵ تەمەن لە کوردستان تەنها خەونێکی بچوکم هاتە دی بەس توخوا پێمەکەنن!!!


## زمناکۆ بورهان قانع

zimnaco@hotmail.com


**لە مێژە گلەیی لە خۆم دەکەم :- ئایا بۆچی تا ئێستا هیچ خەونێکم نەهاتۆتە دی؟؟؟ ئایا خەتای خۆمە یان ڕێچکەو دابونەریتو ناشرینی ژیانە لە کوردستان کە ناهێڵێت نەك هیچ خەونێکت بێتە دی بەڵکو تا سەر ئێسقان ماندووت دەکاتو بارگاوی و ڕەنگرێژت ئەکات بەسەخافەت..**

**ناوی گەنج ناوێکی وەهمیەو لەسەر ئەرزی واقیع لە کوردستان باوەڕ ناکەم هیچ وجودێکی هەبێت ئەوەی کە دەڵێت ئەو ناوە وجودی هەیە ئەوە گەورەترین درۆزنەو پێویستە بدرێت بە دادگا..**

**بەهەرحاڵ من بەشێکی سەرەکی نەهاتنە دی خەونی خەڵکی ئەم کوردستانە کە کەناڵی کوردساتو زاگرۆس کردوویانە بە بەهەشت دەگێڕمەوە بۆ ناهۆشیاری عەقڵی سیاسیە کوردەکان کە تاوەکو ئێستاش بە عەقڵی شاخو شەڕە تەقە باس لە خزمەتی خۆیان دەکەن بۆ خەڵکی کوردستان..**

**ئەوەتا نزیکەی پانزە ساڵە کورد خاوەنی خۆیەتی کەچی تا ئێستا کارەبا نیە (ئەوەیە مەهزەلە) ، نەبوونی کارەبا ئەم هەموو زەرەرەی لێداوم:-**

یەکەم :- یەك دنیا فیلمی ئەمریکیم لە کیس چوو بە تایبەت فیلمی ( چارلس برۆنسن و کلینت ئیستوود و جان ترافۆڵتا و تۆم هانکس ).

دووەم :- یەك دنیا بەرنامەی خۆشم لە کیس چوو بە تایبەت بەرنامەکەی ( ئۆپرا opra) لە کەناڵی mbc..

سێیەم:- یەك دنیا یاریم لە کیس چوو بەتایبەت یاریەکانی ئەو مۆندیالانەی کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کوردیدا بە نیوە ناچڵی بینیومە ( ئەمە بێجگە لە یاریەکانی کاسی ئەورووپاو ئاسیا و کۆپا ئەمێریکا وئەوانی تر).

چوارەم:- ئەوەندە لەبەر چراو لۆکس سەعیم کرد بە تایبەتی لە( قۆناغی ناوەندیو ئامادەییو زانکۆ ) تووشی کۆمەڵێك نەخۆشی حەساسیەت بووم، کە تەخەڕوج ئەکەیت شەهادەکەت بە کەڵکی قۆنەرە سڕینیش نایەت چونکە دایەرەکان پڕە لە مودیرعامی جاهیل و حیساب بۆ خوێندنەکەت ناکەن. ( باوکەڕۆ بەس من ئەزانم مودیر عامو وەکیل وەزیرو وەزیرەکان چەند جاهیلن )..

بێ کارەبایی یەك دنیا زەرەبەی تری لێداوم بەڵام ڕووم نایەت باسی بکەم چونکە دەست ئەکەن بە پێکەنینو ئەڵێن ئەوانەی تۆ باسی ئەکەیت قسەی شێتە ئیتر نازانن کە ووڵاتەکەمان لە لەوحە سورياليەکانی ( سەلفادۆر دالی ) ئەچێت..

بەهەرحاڵ من وەك هاندەرێکی سەرسەختی هەڵبژاردەی ئیتاليا پاش ئەوەی کە ئەو ووڵاتە جوانە مۆندیال یان بەدەست هێنا لە خۆشیدا نیوە شەو بە قیڕە قیڕ هەموو گەڕەکەکەی خۆمانم خەبەر کردەوە ( بەڵام ئەوەشتان لە یاد نەچێت لە هەموو یاریەکی ئیتاليا دا زەغتم بەرز ئەبێتەوەو هەندێك جاریش ئەرشێمەوە بە تایبەت ئەگەر ئیتاليا لە دوا بێت ) ، هێنانەدی ئەم خەونە هیچ پەیوەندی بە زیرەکی سیاسیەکانی کوردەوە نیە ( کە گومانم هەیە لە زیرەك بوونیان ) هەروەها هیچ پەیوەندی بەو ژیانە خۆشەی کوردستانەوە نیە ( کە دڵنیام ناخۆشترین ژیان تەنها لە کوردستانو دارفۆرو ئەفغانستان هەیە ) بەڵکو هێنانەدی ئەم خەونەم بۆ

زیرەکیو عەقڵی گەورەی ( مارچێلۆ لیپی ) ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتالیا و ڕۆحی قیتالی ( جینارۆ گاتوسۆ، فابیۆ کاناڤارۆ، جیانلوکا زامبرۆتا، ئەندریا پیرلۆ و سەرجەم یاریزانەکانی تری ئیتالیا یە ) کە بۆ یەکەم جار خەونێکی منیان هێنایەدیو دڵخۆشیان کردم بەساقەیان بم پیرۆزە لە ئیتالیا حەیاتەکە.. ئیتر با ئەوەندە بەس بێت تا خەفەت نەیکوشتوم..

**تێبینی :- هیوادارم دوای بڵاوبونەوەی ئەم ووتارە ، دەسەڵاتداران نەمکەن بە تیرۆریست..**